# منداڵان و قوتابخانە پێویستیان بەتۆیە!

Sorani




## ماڵەوەگرنگەبۆ فێربوون لەقوتابخانە

**لەگەڵ منداڵەکەت یاری بکە و فێربە**

- پاڵپشتیی تۆ بۆ منداڵەکەت لەهی مامۆستا گرنگترە.
- تۆ دەربارەی منداڵەکەی خۆت زۆرتر دەزانیت و دەزانیت چۆن شتی نوێ فێر دەبێت. ئەو زانینەی خۆت بەکاربهێنە.
- دەتوانیت لەگەڵ منداڵەکەت دابنیشیت کاتێک دەرس دەخوێنێت تەنانەت لەو کاتانەشدا کەهەمووی تێناگەیت. لەمنداڵەکەبپرسەکەچی دەخوێنێتەوە.
- دەتوانیت لەگەڵ منداڵەکەتقسەبکەیت سەبارەت بەوەی کەلەقوتابخانە چیان کردووە وچی فێربوون.
- بەشداری کۆبوونەوەی دایکوباوکان بکە بۆ ئەوەی پیشانی منداڵەکەتی بدەیت کەتۆش بەشداریت لەقوتابخانەکە.
- نمونەیەکی باش بەبۆ منداڵەکەت. پیشانی بدەکەتۆ دەخوێنیتەوەو شتی نوێ فێردەبیت.

## حەزی فێربوون لەمنداڵەکەتدا دروستبکە

**- منداڵی کونجکاو (فزولی) خولْقی فێربوونی زیاترە**

- وەڵامی ئەو پرسیارانەبدەرەوەکەمنداڵ دەیانکات، پێکەوەوەڵامەکان بدۆزنەوە.
- کاتێک منداڵەکەت پرسیار دەکات و خۆی وەڵامەکەی دەدۆزێتەوەئافەرینی بکە.
- لەڕێگەی پرسیارکردنەوەلەمنداڵەکەپیشانی بدەکەکونجکاوێتی باشە.

**www.fug.no**

سەبارەت بەسیاسەتی خوێندن دیدێکی دایکوباوکانەت پێدەبەخشێت.

**ووشەی زۆر بەمنداڵەکەت بڵێ**

- منداڵەکەت ببەبۆ کتێبخانەو بەو زمانەی کەخۆت بەباشی دەیزانیت ناوی شتەکانی پێبڵێ.
- بەو زمانەی کەخۆت بەباشی دەیزانیت چیرۆکی بۆ بخوێنەرەوەو بگێڕەرەوە.
- لەحاڵەتی نوێدا ئەو وشانەبەکاربهێنەکەمنداڵەکەخۆی دەیزانێت. مانای نوێ بەووشەکان ببەخشە.

## منداڵ بەشێوەی جیاواز فێردەبن

**هەندێک منداڵ لەڕێگەی ئەمانەی خوارەوەباشتر فێردەبن:**

- تۆ ببینن هەمان شت دەکەیت
- سەیری وێنەبکەن
- گوێ لەچیرۆک بگرن یان بەدەنگی بەرز بۆیان بخوێنرێتەوە
- دەست لەشتبدەن و بەتێکەڵی بنووسن
- دەست لەهەموو بەشەکانی لەشەوەبدەن

منداڵەکەت چۆن فێردەبێت؟

گرنگە دایکوباوک خۆیان بەشداری فیربوونی منداڵەکەیانبن و بەشداری کۆبونەوەکانی قوتابخانەلەگەڵ منداڵەکە، کۆبوونەوەکانی دایکوباوکان و چالاکییەکانی تری قوتابخانەبکەن. کاتێک دایکوباوک لەگەڵ قوتابخانەو دایکوباوکەکانی تر ئاشنایەتی پەیدا دەکەن، ژینگەی فێربوونی منداڵەکان باشتر دەبێت. کاتێک دایکوباوکان بەشداری دەکەن:

- تۆڕێکی پەیوەندی بەهێزتر دروست دەبێت و دایکوباوکەکان دەتوانن پشتیوانی یەکتر بکەن و یارمەتی یەکتری بدەن.
- دەتوانن هاوکاری بکەن بۆ ڕێنمایی هاوبەش بۆ منداڵەکان.
- ژینەگەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەباشتر دەبێت، گاڵتەپێکردن کەم دەبێتەوە، دەنگەدەنگ کەم دەبێتەوەو مورتاحی زیاد دەکات.
- نەچونی منداڵەکان بۆ قوتابخانەیان کەمدەکاتەوەو منداڵەکان لەقوتابخانەچالاک دەبن.
- مامۆستاکان زانیاری باشتریان لەسەر هەر منداڵێک دەستدەکەوێت و دەتوانن باشتر سەرپەرشتی کارەکانی منداڵەکان بکەن.
- منداڵەکان ئەنجامی وانەکانیان باشتر دەبێت.
- قوتابی زیاتر دواناوەندی تەواو دەکەن و خوێندی باڵا دەخوێنن.

## www.fug.no

ئەم سایتەخزمەتگوزارییەکە لە دەستەی هەڵبژێردراوی دایکوباوکان بۆ خوێندنی بنەڕەتی (FUG) (Foreldreutvalget for grunnopplæringen)
وە.

لێرەدا ئەم شتانەهەیە:

- تێبینی سەبارەت بەوەی کە چۆن بەشداری بکەیت لە فێربوونی منداڵەکەت و ڕۆڵی خۆت ببینی لە قوتابخانەدا
- هەواڵ و نموونەی باش بۆ هاوکاری نێوان ماڵەوەو قوتابخانە
- ماددەو ئامۆژگاری باش بۆ پەیوەندیکردنی دایکوباوکان و ئەندامانی FAU [دەستەی کاری هەڵبژێردراوی دایکوباوکانەوە] و SU [دەستەی هەڵبژێردراوی هاوکاری ی تێدایە
- لاپەڕەی تایبەتی بۆ دایکوباوکانی قوتابیانی کەمایەتیی زمانەکان
- لینکی بەسوودی سایتەکانی تری ئینتەرنێت دەربارەی منداڵ، قوتابخانەو پەروەردەی تێدایە.

**ئایا دەزانیت کە:**

- لەیاسادا هاتووەکەدایکوباوک بەرپرسیاری یەکەمن لەپەروەردەی منداڵ و لەبەرئەوەهاوبەشن لەبەرپرسیارێتی منداڵەکەیان لەقوتابخانەکەشدا؟
- هەموو دایکوباوکێک مافی هەیەقسەی هەبێت لە قوتابخانەی منداڵەکەی؟
- دەتوانیت لەڕێگەی دەستەی هەڵبژێردراوی دایکوباکانەوە، وەک نوێنەری دایکوباوکان، دەستەی کاری هەڵبژێردراوی دایکوباوکانەوە FAU و دەستەی هەڵبژێردراوی هاوکاری SU و هەر دەستەیەکی تری بەڕێوەبردنەوەکاریگەری لەسەر خوێندنی منداڵەکەت دایبنێیت؟
- قوتابخانەدەبێت فێرکردنی گونجاو بۆهەر قوتابیەک دەستەبەر بکات؟
- ئەو قوتابیيانەی کەلەقوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیین و ناتوانن لەفێرکردنی ئاسایی کەڵک وەبگرن مافی هەبوونی فێرکردنیان بەزمانی دایک و فێرکردنی زمانی نەرویجی بەشێوەی تایبەتیی هەیە؟
- ئەو قوتابیيانەی کەناتوانن بەشێوەیەکی تەواو سوود لە وانەپێووتنەوەی ئاسایی وەربگرن مافی هەبوونی وانەپێووتنەوەی تایبەتییان هەیە. دەبێت دایکوباوکەکان خۆیان داوای ئەوەبکەن بەیارمەتی قوتابخانە؟
- دەبێت جەخت لەهاوکاری لەگەڵ دایکوباوک بکرێتەوە سەبارەت بەفرسەتی فێرکردنەکە؟

## دەستەی هەڵبژێردراوی دایکوباوکان بۆ خوێندنی بنەڕەتی (FUG) دەستەیەکی هەڵبژێردراوی نیشتیمانییەبۆ وە لەگەڵ ئەو دایکوباوکانەی کەمنداڵەکانیان لەقوتابخانەیە.

### ئەوەی بەلای FUG وەگرنگە:

هاوکاری ماڵەوەو قوتابخانە

- لەبواری قوتابخانەدا بەرژەوەندی دایکوباوکان لەبەرچاوبگرێت
- زانیاری دەداتەدایکوباوکان سەبارەت بە چۆنییەتی هاوکاری قوتابخانەو ماڵەوە
- زابیاری دەدات سەبارەت بەوەی کەدایکوباوکان چۆن پشتیوانی مندالەکانیان بکەن
- پشتیوانی کردنی دایکوباوکان و خستنە سەر ئەجێندای ڕۆژی بابەتی سەرەکی وەک ژینگەی ناو قوتابخانە، گاڵتەپێکردن، کۆبوونەوەی دایکوباوکان، کاری قوتابخانە، هتد.

**www.fug.no** ئەم سایتەسایتێکی پڕ سەرچاوەیەبۆ ئەو دایکوباوکانەی کە منداڵەکانیان لە قوتابخانەیە

**دەستەی هەڵبژێردراوی دایکوباوکان بۆ خوێندنی بنەڕەتی**
**© FUG** ٢٠١٠

دەستەی هەڵبژێردراوی دایکوباوکان بۆ خوێندنی بنەڕەتی
www.fug.no
post@fug.no
٢٠١٠© FUG
Layout: Månelyst as
Foto: iStockphoto
Oversatt av Tolketjenesten, september 2010